# ديموكراسييەكەی كاك بەختيار كورتی هێنا

عەلی مەحمود محەمەد

ماوەيەك لەمەوپێش زنجيرە وەلأمێكم لە سايدەكانی ئەنتەرنێت بڵاوكردەوە  لەسەر زنجيرە ووتارێكی كاك مەلا بەختيار كە هێشتا درێژەی هەيە سەبارەت بە چين . 4 بەشی هەمان بابەتم بۆ ڕۆژنامەی چاودێر نارد كە كاك بەختيار سەرپەرشتی دەكات , خۆش بەختانە بەشی يەكەمی لە ژمارە 18ی  ڕۆژنامەی ناوبراو بڵاوكرايەوە ( لينكەكەيم لە خوارەوە بڵاو كردۆتەوە) .  دەست خۆشيم بۆ ستاڤ ڕۆژنامەكە نارد و بە هەنگاوێكی پۆزەتيفم زانی لە ژيانی ڕۆژنامەنوسی  حيزبی كورديدا , ديارە ئەمەش بسملای كاری پارتێكی سۆسيال ديموكراتە پێويستە جێبەجێی كات نەك سەدەقەلا . پارتە سياسييەكان كوردستان تا ئێستا گوێی ديموكراسييەتەكەيان وا بە قرقۆشم ئاخنيوە نوزەی ڕەخنە گرتنی تێدا نەبيسترێت . بەڵام بە داخەوە , سەد داخ و مخابن لەم ئەزمونەشدا ديموكراسييەتە سۆسيال ديموكراتييەكەی كاك بەختيار شكستی خوارد ونەيتوانی لە بەشی يەكەم تێيپەڕێنێت  , وابزان ئەوەل و ئاخر جاريش دەبێت , لە بەشی دووی بابەتەكە كورتی هێنا و بەشەكانی كە خۆيان لە مەحرەقەی كۆنترۆڵەكەی چاودێردا بينييەوە . لە كاتێكدا كاك بەختيار بەرپرسی يەكەمە لەو ڕۆژنامەكەو بابەتەكە وەلامە بۆ ئەو ,مەگەر نازانێت ئەمە زۆر لەسەری دەكەوێت , سوار بوون ئەگەر عەيبێك بێت ئەوا دابەزين دەبڵە  .ئەمە لە كاتێكدا لەو وەڵامەدا لە گوڵ خراپتری پێ نەوتراوە , بە شايەدی هەموو ئەوانەشی خوێندويانەتەوە بە وانەشەوە لە ئابوری سەريان دەرەچێت , بابەتێكی مناسبە و لە ڕوی زانستی بوونەوە گۆشتاوی دەخورێت و شياوی بڵاوكردنەوەيە لە ڕۆژنامەوانی كوردی , دەبوايە كاك بەختيار ئەگەر كاتی وەڵامدانەوەشی نەبوايە,  يان توانای بەسەر بابەتەكەدا نەشكايە,  بەدوای نوسەرێكا بگەڕايا بۆ وەڵامدانەوە , لەو هەموو نوسەرەی مانگانە سەدەقە وەرەگرن لە دەزگاكەی  . لەو ووتارەدا بەو كوردييە خوارو خێچەی خۆمەوە , بەو توانا كەمەی هەمە , هەندێك هەڵەم بۆی چاككردۆتەوە ,ئەوەش تەنها لە دڵسۆزيمەوە بۆ بەڕێزی بووە , تەنها لە پێناو ئەوەی جارێكی كە دوبارەيان نەكاتەوە , كەشكێ من دڵسۆزێكی وام لێ پەيدا ببوايە , جار جارە كوردييە عەشايەرييەكەی بۆم ڕاست بكردايەتەوە .

دەمتوانی سەرتاسەری ئەو نووسينەی بەڕێزی بدەمە بەر ڕەخنە , بايی دەيان ووتار كۆزەری ڕەخنەگرتنی لێبگرم , كردنی هەڵەكان تاوانی من نييە , لە كاك بەختياريشەوە ئەوەندە فێر بوومە , ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتن بۆ پێشكەوتن پێويستە . دەبوايە كاك بەختيار دەمی لە بابەتێك نەدايە شارەزای نييە , ئەوە تاوانی خۆيەتی . وەڵامدانەوەكە تا ئێستا 6 بەشی لێ بڵاو كراوەتەوە و 3 بەشی ديكەش بە ڕێوەيە , ئەگەر كاك بەختيار بخوازێت و بڵاوی كاتەوە , تا 60 بەشی ديكەش دەتوانم درێژەی بدەمێ .

باشە ئەگەر چاودێر كورت بێنێت , ئەبێت  بێچاوەكان چی بكەن قوڕ بەسەر ديموكراتييەكەمان ؟؟؟.

http://www.madaniat.org/Chawder/Chawder18/L13.pdf